**ئه نجومەنی دادوەری**

**ڕێکەوتی : ٢٠١٢/٦/٢٨**

## بڕیار

پشت بە حوکمی مادده / یانزه لە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان / عێراق ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٢ ، ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان - عێراق بریاریدا بە کۆی دەنگی ئامادەبوان بە دەرکردنی ئەو ڕێنماییەی خوارەوە :

## ڕێنمایی ژمارە (١ )ی ساڵی ٢٠١٢

١. لێبوردنی گشتی هەموو حوکمداران دەگرێتەوە (بەندکراو و گیراوەکان) لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەلایەتی لە هەرێمدا لەو ماوەیەی کە ماویانە لە حوکمەکەیاندا کە لە لایەن دادگاکانی هەرێمەوە دەرهەقیان دەرچووە لەو کێشانەی ئاشتەوایی کراوە یان دەکرێت لە نێوان لایەنەکان لەبەردەم لێژنەی پێك هێنراو لە ماوەی دیاری کراودا لە ماددەی (سێ) ی یاساکە وە دەست بەجێ ئازاد دەکرێن .

٢. ڕێکارەکانی یاسایی رادەگیرێت بەشێوەی کۆتایی لە کێشەکانی کەلە ژێر لێکۆلینەوەن یان لە دادگاییکردندان لە هەموو ئەو تاوانانەی کە بەر لە ڕۆژی دەرچوونی یاساکە روویانداوە (جگە لە تاوانبارە هەلاتوەکان و ئەو تاوانانەی لە حوکمەکانی بەدەربێت) ئەگەر ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکان کرابێت یان لە بەردەم لێژنەی پێکهێنراو وە هەروەها لەبەردەم دادگاکانی تایبەتمەند و دادگاکانی لێکۆلینەوە ئەنجام بدرێت .

٣. ماددەی پێنجەم لە یاساکە سەرپێچیەکان دەگرێتەوە کە لە گشت یاساکان و بریارەکانی کارپێکراو لە هەرێمدا هاتووە .

٤. بریارەکانی لێژنەی پێکهێنراو بە پێی مادده هەشت لە یاساکە دەردەچێت بە کۆی دەنگ یان بە زۆرینەی دەنگ وە ئەوەی پێچەوانەی رای زۆرینە بێت پێویستە هۆی پێچەوانەکەی روونبکاتەوە .

٥. لەسەر لایەنەکانی پەیوەندارە کە ئاسانکاری پێویست بکەن بۆ ئەوەی لێژنەکان بتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن .

٦. (برگە یەکەم لە ماددەی / ٩) لە یاساکە هەروەها دادگاکانی نەوجەوانیش دەگرێتەوە سەبارەت بە کێشەکانی بۆیان ڕەوانە کراوە بۆ مەبەستی کاری وردبینی پێداچونەوە سەرەڕای ئەو دادگایانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە لە دەقی برگەی ئاماژە پێ کراوە .

٧. لەسەر دادگاکانی تایبەتمەند بەو کێشانەی کە ئاراستەیان کراوە بۆ دادگاییکردن ڕاستەوخۆ حوکمەکانی یاسای ئاماژە پێکراو جێ بەجێ بکەن وە ئەوەش دادگاکانی لێکۆڵینەوەش دەگرێتەوە لەو کێشانەی کە لەبەردەستیان دایە .

٨. لەسەر فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێم لیستی سودمەندەکان لە یاساکان و بڕیارەکانی لێبوردنی گشتی ئاماژە پێکراو لە مادده (شەش) لە یاساکە بنێرن بۆ لێژنەکان و دادگاکان .

٩. لەسەر دادگاکان پێویستە دۆسیەی ئەو داوایانەی حوکمی پاشملەیان لەسەر دەرچووە بنێرن بۆ لێژنەی پێکهاتوو بەپێی بڕگەی یەکەم لە مادده / ٨ لە یاساکە ئەویش لەو کاتەی حوکم دراوی پاشملە لە ماددەی دیاری کراودا خۆی رادەست بکات (بێجگە لەوانەی حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە) کە ئەوانە لە دادگاکانی تایبەتمەند کێشەکانیان بە پێی حوکمی یاسا یەکلایی دەکرێتەوە .

١٠. حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کێشە و ڕووداوانە دەگرێتەوە کە پێش ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٢/٦/٧ ڕوویانداوە .

١١. ئەم ڕێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی و بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائعی كوردستان)

**احمد عبدالله زبیر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**